www.kurdistannet.org
28-8-2006 15:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## لەسەرو بەندی داداگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفالدا کاک فەلەکەدین کاکەیی سوکایەتیمان پێ دەکات؟ ... قادر نادر



زۆربەمان لەو باوەڕە نەبوین کە خەباتکەرێکی ڕێگای کوردایەتی کاک فەلەکەدین کاکەیی لەگەل یەکەم بڕیاریدا لەوەزارەتی ڕۆشنبیری کەسێکی پێنو س فرۆشی وەک شێرزاد عەبدولڕەحمان بکاتە زمان حاڵی وەزارەتەکەی، بەڵکو ئەوەی چاوڕەوانمان دەکرد کە ئەو لە سەنگەری پاکسازی کردنی فایلچی و ئەنفالدارو قەلەم بەدەستانەوە لەگەلمان دەجەنگێ، کەچی ئەفسۆس ئەمیش وەک زۆرینەی بەرپرسانی تر ئەو مێژووە پیرۆزەی بۆ خۆی تۆمار نەکرد.

هە دوای ئەوە ی لە سەر ئەم هەلوێستەی لە هەموو لایەک ڕەخنەی لێ گیراو دەنگی نارەزایەتی لێ بەرزبۆوە و ئیمزای لەسەر کۆکراوەکە دیارە کاک فەلەکەدین لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم هەواڵانە بوو. کەچی 2 ڕۆژ لەمەو بەر لە کەناڵی زاگرۆس تێڤی لەم ڕۆژەی سەدام حسێن و هاوکارانی لەسەر تاوانی ئەنفال درانە دادگا، بەرێکەوت بینیم لە دیدارێکی فەلەکەدین کاکەییدالەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندا تاکە کارمەندی وەزارەت بوولەگەل ئامادەبواندا. بەدەستە خۆم نەبوو یەکسەر تەزویەک بەگیانمدا هات و هەستم کرد لەم نیشتمانەی ئێمەدا چەندە لۆبی ئەنفالچی وفایلدارو قەلەم فرۆشانی کورد گەورەو خۆشەویست و بەهێزن و چەندە بەرپرسانی کوردیش سوکایەتی و بێ ڕێزیمان پێدەکەن!!؟.

پێم وایە ئەوەی کەمێک هەستی نیشتمانی هەبێت نەک گرنگی بەم ڤایرۆسە کوشندانانە نادات، بەڵکو خەبات بۆ بنبریشیان دەکات.

کاک فەلەکەدین یەکێك لەو نوسەرە بەتوانایانەی گەلەکەمانە لە تیۆردانی دیموکراسیدا، ڕۆژانە گوتار و ئاخافتن لە ڕۆژنامەو کەنالەکانی ڕاگەیاندندا بڵاو دەکاتەوە، کەچی لەبواری جێبەجێکردندا پێچەوانە ی ئەم ڕەوتە کاردەکات!؟ چونکە هەر کەسێ خۆی بەدیموکراسیخواز بزانێت ڕێز لە ڕەخنەو نارەزایەتیەکانی خەلک دەگرێت. خۆ ئەگەر بەردەوام بوو لە کەلە ڕەقی و گوێ نەدان لە بەرامبەرداخوازیەکانی گەلدا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە نەک بڕوای بە دیموکراسیەت نیە بەلکو دیکتاتۆریشە. ئەوەی کاک فەلەکەدینیش دەچێتە هەمان چوار چێوەوە، ئەگەرنا چ مانایەکی هەیە دوای ئەو هەموو نارەزایاتیەی نوسەران و ڕۆشنبیران تۆ بەردەوام بیت و بیکەیت بە کەلەگا و دەم ڕاست و پیاوی مەجلیسی وەزارەتەکەت و لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش پەخشی بکەیت. کە پێم وایە بەدرێژەدان بەو سیاسەتە لەناشیرنکردنی خۆت و وەزارەت وکابینەی پێنجەم زیاتر کەسێکی تر پشکی بەرناکەوێت.
لەیادت نەچێت تۆ لەسەر پێنوس فرۆشێک، خەباتی شاخ و ڕێزی خۆت زۆر لەدەستدا، ئاخر مرۆڤ زۆر جار بەیەک هەلوێست، ئاخافتن دەبێتە قارەمانی گەل یان دەبێتە قێزەوەنی گەل، ئەمە جگە لە تۆمارکردنی مێژوویەک کە هیچ کەسێکی نیشتمانی ئاواتە خوازی نیە بۆی بنوسرێت، کە ئەگەر تەنیا ئەو مێژووە بتوانێت کەمێک لە ئازارەکانمان سارێژ بکات و ئەو سوکایەتی کردنانەی بە گەلەکەمان دەکەن تۆلەتان لێ بکاتەوە.

کاک فەلەکەدین لە چەندین بۆنەدا دوپاتی ئەوەی کردۆتەوە، کە شیرزاد عەبدولڕەحمان ڕۆژنامەنوسێکی بەتوانایە، بۆیە دەبێت گرنگی پێ بدرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە لەم نیشتمانەی ئێمەدا

لەو سەدان و هەزاران نوسەرو ڕۆژنامەنوسی کورد پەروەردا، کەسێک نەبوو لەئاستی توانایی ئەو خۆشەویستەی بەرێزت !!؟؟.

ڕەنگ بێت کاک فەلەکەدین بڵێت بۆ مەسەلەی شیرزاد ئەوەندە گەورە دەکرێت لەکاتێکدا دەیان وسەدان ئەنفالچی تر بەرپرسی گەورەترن، بەلام پرسیار ئەوەیە ئایا چۆن دەبێت زمان حاڵی گۆڤاری حکومەتی کوردستان، کە بەروبومی قوربانی هەمومانە نەوەک تەنیا بەرێزت و پارتی و یەکێتیدا ئاوا گرنگی پێ بدەیت؟؟ ئەمە جگە لەوەی شێرزاد کەسێکە ئەوەندە بەزەقی دژی کورد لە گۆڤارەکانی بەعس نوسینی هەیە کە ناتوانرێت بشاردرێتەوە، دواتربۆچ لەخۆتەوە دەست پێناکەیت کە واز لەگرنگی دان بەو ڤایرۆسە کوشندانە بهێنیت. ئاخر کەئەم گەندەلیە تا بیناقاقاتان هاتووە، ئەمە دەر ئەنجامی بونی ئەو هەزاران شێرزادانەیە کە چۆتە نێو قولایی دەسەلاتی ئێوەو یەکێتیدا.

لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی هەواڵ کە موچەی شێرزاد عەبدولرەحمان دەست نیشان کراوە تەنیا لە مانگی تەموزدا بەم شێوەیە بوە

750 هەزار دینار کەدەکاتەنزیکەی 500 دۆلارپاداشتی خۆی لە گۆڤاری هەرێم

2ملیۆن دینار کەدەکاتە نزیک بە 1600 دۆلارموچەی مانگانەی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری

750 هەزار دینارکەدەکاتەنزیکەی 500 لەدەزگای گولان

800 هەزار دینار کەدەکاتەنزیکەی550 دۆلار لە کەنالی ئاسمانی زاگرۆس تێڤیَ

لەکاتێکدا کاک فەلەکەدین لەژێر دەسەلاتی حزبەکەت بەهەزاران منداڵ و خێزانی خەڵکی ئەنفالکراو لە کەورگۆسگو دارەتوو و بادینان تا ئێستاش موچەی مانگانەی 20 دۆلاریشیان بۆ نەبڕاوەتەوە!!؟؟

http://www. hewal. org/pages/he/192-4. p

ئەگەرچی لە بابەتێکی تریشدا داوام لە بەرێوبەری کەنالی زاگرۆس تێڤیی کردبوو، کە ئێوەش بەرنامەیەکتان پێ بەخشیوە بەناوی ئەزمون کە هەوڵ بدەن بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی لەگەل سازبکەن با ئەویش کەمێک باسی ئەزمونی نوسینەکانی خۆیمان بۆ بکات، کە هیوادارم ئەم جارە دلمان نەشکێنن. لەسەروی هەموو ئەمانەش نازانم مرۆڤ چۆن زات دەکات خۆی پێ نوسەر، هونەرمەند.. نیشتمان پەروەر بێت چاوپێکەوتن لەگەڵی بکات کە ئەوەی بەندە بەرێکەوت دیویەتی ئەمانە دیداریان لەگەل ساز کردوە، محەمەدی مەلا کەریم، حەمەسەعید حەسەن، وابزانم ناوی مستەفایە کە بەوەستا عەلی ناسراوە پیرۆزە لە ئێوەش